# ئامۆژگارییە زێڕینەکان

## ١٠٠ ئامۆژگاری زێڕین لە قورئان و فەرموودەکاندا

ئامادەکردنی:
عبدالرحمن فهاد شێخانی

پێداچوونەوەی:
مامۆستا یوسف ڕەشید

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب : ئامۆژگارییە زێڕینەکان
ئامادەکردنی : عبدالرحمن فهاد شێخانی
جۆر : ئاینی
نەخشەسازی ناوەوە : عبدالرحمن فهاد شێخانی
نەخشەسازی بەرگ : عبدالرحمن فهاد شێخانی

نۆرە و ساڵی چاپ ١٤٤٦کۆچی ، 2024 میلادی

# پێشەکی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان ئەم کتێبەم ئامادە کرد ماوەیەکی زۆر خەریکی بووم تا کۆم کردنەوە و ڕێکم خستن کە پێکهاتوە لە(ئایەت ، حەدیث ، ئامۆژگاری) کە پێکهاتوە لە (100)ئامۆژگاری زێڕین بەو هیوایەم ئەم کتێبە زۆرترین کەس بیخوێنێتەوە و زۆر کەس سودی لێ ببینێ و کردەوەی پێبکەن تەنها یەک ئامانجم هەیە: بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوا ، ناساندنی خوا و پێغەمبەرﷺ بە خەڵکی و خۆشەویستکردنی لایان ، دوعا و خەمم بۆ ئەوەیە خەڵکی خوا بدۆزنەوە و بیناسن، من هیچ شتێکی دونیایم ناوێت.

## یەکەم :

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله ((صل الله عليه وسلم ))
((من دعا إلى هُدَى كان له من الأجر مثل أجور من تبعه، لا ينقص ذلك من أجورهم شيئاً. ومن دعا إلى ضلالة كان عليه من الإثم مثل آثام من تبعه، لا ينقص ذلك من آثامهم شيئاً))
رواه مسلم.

واتە:هەرکەسێك بانگەواز بکات بۆلای هیدایەت و ڕێگای راست ئەوا بەقەد ئەوانەی کە شوێنی کەوتون ئەجر و پاداشت بۆ ئەمیش هەیە وە هیچ لە پاداشتەکانی ئەوانیش کەم ناکات ....
وە هەر کەسێك بانگەواز بۆلای گومڕاییەك و خراپەیەك بکات ئەوا بەقەد ئەوانەی کە شوێنی کەوتون تاوان و خراپەش بۆ ئەم ئەنوسرێت وە هیچ لە تاوانەکانی ئەوان کەم ناکات .

## دووەم :

گاور و جولەکە برامان نین بەهیچ شێوەیەک

شێخی پایەبەرز ابن عثيمين رحمه الله فەرمویەتی :

هەر کەسێک بڵێت گاور (خاچ پەرستەکان) و جولەکە (یەهودی) برای منە ئەوە وەکو ئەوان وایە و بە هەڵگەڕاوە ئەژمارئەکرێت چونکە گاور و جولەکە برای ئێمە نین

" ومن قال إن النصراني أو اليهودي أخ لي فهو مثلهم يكون مرتدا عن الإسلام لأن هؤلاء ليسوا ’خوة لنا "

الشرح الممتع 14/415

ڕوون کردنەوەیەک : ئەو کەسەی باوەڕی وابێت جولەکە و گاورەکان کافر نین یان هەر کەسێک دینێکی تری هەبێت جگە لە ئیسلام کافر نیە هەر هەمان حوکمیان هەیە بۆیە بەهیچ شێوەیەک نابێت پێیان بڵێین برامانن بەڵام ئەگەر لەیەک وڵات و نیشتیمان بوون ئەوە ئەتوانین پێیان بڵێین هاوژینمانن نەک برامانن والله اعلم

## سێیەم :

بێدەنگ نابین لە هەڵە

شێخی پایەدار صالح الفوزان حفظه الله ئەفەرموێ :

🔸 ئێمە هەڵەکان ببینین و بێدەنگ بین ، وە واز لەخەڵکی بێنین و بیانەوێت لەسەر هەر مەزهەب و دێنێک ببن و بڕۆن لەسەری ؟ نەخێر ، ئەمە دروست نیە ، واجبە (پێویستە) لەسەرمان کە هەق و ڕاستی ڕوون بکەینەوە لە ناڕاستی و ناهەقی ، "ئیتر بەوە" کێ ڕازی ئەبێ با ڕازی بێ ، یان هەرکەسێ تورە ئەبێ با تورە بێ

" نحن نرى الأخطاء ونسكت ، ونترك الناس يهيمون ؟ لا ، هذا ما يجوز أبدا ، يجب أن نبين الحق من الباطل ، رضي من رضي ، وسخط من سخط " اهـ .

(الأجوبة المفيدة عن أسئلة المناهج الجديدة) (ص ٢٣٨)

## چوارەم :

پاککردنەوە و پاك ڕاگرتنی ماڵ عیبادەتە ئەگەر نیەتەکەت چاك بێت
قال رسول الله صلى الله عليه وسلم :
( طهروا أفنيتكم فإن اليهود لا تطهر أفنيتها )
واتە : حەوشەکانتان پاك بکەنەوە ؛ چونکە جولەکەکان حەوشەی ماڵەکانیان پاك ناکەنەوە .
الأفنية : کۆی ( فناء ) : واتە : حەوشەی ماڵ . والله اعلم .

---

رواه الطبراني في المعجم الأوسط برقم ( 4057 ج 4 ، ط دار الحديث ) ، وحسنه الشيخ الألباني رحمه الله في ، السلسلة الصحيحة - (حديث رقم -236- )
( الأفنية : جمع فناء وهو الساحة أمام البيت ـ والله أعلم)

## پێنجەم :

بۆچی وازتان لە گاور و جولەکە هێناوە و غەیبەتی موسوڵمانان دەکەن ؟

شێخی بەڕێز ابن تيمية رحمه الله فەرمویەتی :

خراپەکاری گاور و جولەکە دیار و ئاشکرایە بۆ موسوڵمانانی ئاسایی
بەڵام ئەهلی بیدەع خراپەکەیان بۆ هەموو کەسێک دەرناکەوێت
" هەستی پێناکرێت لەلایەن هەموو موسوڵمانێکەوە "

قال شيخ الإسلام ابن تيمية :
"فساد اليهود والنصارى ظاهر لعامة المسلمين ..
أما أهل البدع فإنه لايظهر فسادهم لكل شخص " .

مجموع الفتاوى 232/28

## شەشەم :

دیاری بۆ یەکتر ببەن دەبن بە خۆشەویستی یەکتر

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ( ڕەزای خوای لێبێت ) عَنِ النَّبِيِّ ( صلى الله عليه وسلم ) قَالَ : ((تَهَادُوا تَحَابُّوا)) صحيح الجامع الصغير رقم : (3004) ، وصحيح الأدب المفرد رقم : (594) .

❋❋❋

## حەوتەم :

خۆ پاراستن لە حەوت تاوانە گەورە و بەهیلاك دەرەکە
پێغەمبەری خوا صلى اللّٰه عليه وسلم فەرمووی:
(( اجتنبوا السبع الموبقات، قالوا: يا رسول اللّٰه وما هن؟
قال: الشرك باللّٰه، والسحر، وقتل النفس التي حرم اللّٰه إلا بالحق، وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات ))((مشكاة المصابيح: 52 ).

واتە: خۆتان دوور بخەنەوە لە حەوت تاوانە گەورە بە هیلاك دەرە،
هاوەڵان(رضي اللّٰه عنهم) فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا (صلى اللّٰه عليه وسلم) چین ئە حەوت تاوانە؟
ئەویش فەرمووی:
هاوەڵ دانان بۆ خوای گەورە - شیرك بریاردان بۆ خوای گەورە
وسیحر کردن ،
و کوشتنی بە ناحەق،
و سووخواردن،
و خواردنی ماڵی هەتیو بەناحەق،
وهەڵهاتن لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمندا،
و لەکەدار کردنی ئافرەتانی باوەڕداری داوێن پاکی بێئاگا لە داوێن پیسی.

***

## هەشتەم :

ئەزیەت دانی دایك و باوك لە ئاینی ئیسلامدا یەکێکە لە تاوانە هەرە گەورەکان، لە دوای تاوانی شیرك تاوانی ئەزیەت دانی دایك و باوکە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە ، قال رسول اللّٰه (صلى اللّٰه عليه وسلم):
قال: (ألا أنبئكم بأكبر الكبائر؟ ثلاثاً ، قالوا: بلى يا رسول اللّٰه ! قال: (الإشراك باللّٰه ، وعقوق الوالدين ...) (صحيح الأدب المفرد: 1/37)
واتە: (پێغەمبەری خودا (صلى اللّٰه عليه وسلم) سێ جار فەرمووی: ئایا هەواڵتان پێ نەدەم بە گەورەترین تاوان؟ ووتیان بەڵێ ئەی پێغەبەری خودا (صلى اللّٰه عليه وسلم) فەرمووی: شەریك بۆ خودا بڕیار دان، وە ئازار دانی دایك و باوك.

## نۆیەم :

ترسناکی تانەدان و جوێندان بە هاوەڵە بەڕێزەکان

لە ئیبن عومەرەوە (رضي اللّٰه عنهما) فەرمووی: پێغەمبەر (صلى اللّٰه عليه وسلم) دەفەرمێت:
(من سب أصحابي فعليه لعنة اللّٰه والملائكة والناس أجمعين) (صحيح الجامع الصغير: 6285).

واتە: ئەوەی جوێن بە هاوەڵانم بدات ئەوا نەفرەتی خواو فریشتەکان وهەموو خەڵکی لەسەر بێت.

## دەیەم :

### هەندێک لە سڕینەوەی تاوانەکان

موسڵمانانی خۆشەویست: گومانی تێدا نییە خوای گەورە فەزڵ و ڕەحمەتی زۆرە بەسەر مانەوە، هەندێک لەو فەزڵ و ڕەحمەتانەی ڕژاندوێتی بەسەرماندا بریتییە لە (سڕینەرەوەی تاوانەکان)، واتە: خوا وپێغەمبەری خوا(صلی اللّٰه علیه وسلم) هەندێک هۆکاریان داناوە ئەگەر موسڵمانان هەڵسن بەجێبەجێ کردنیان ئەوا دەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانیان، ئەو هۆکارانەش بریتین لە:

1 : ئیسلام، واتە موسڵمان بوون:
خوای گەورە دەفەرمێت: [قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ وَإِنْ يَعُودُوا فَقَدْ مَضَتْ سُنَّةُ الْأَوَّلِينَ] [الأنفال: 38] .
واتە: ئەی موحەمەد(صلی اللّٰه علیه وسلم) بە بێ باوەڕەکان بڵێ ئەگەر وازبێنن (لەهاوبەش دانان بۆ خوا و دژایەتی کردنی پێغەمبەر(صلی اللّٰه علیه وسلم)) ئەوا خوای گەورە لە هەموو تاوانەکانی لەوەو پێشیان خۆش دەبێت بەڵام ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ دژایەتی کردنی تۆ ئەی موحەمەد (صلی اللّٰه علیه وسلم) (لە دوای شەڕی بەدەرەوە) ئەوا ڕێبازی ئەوانەی پێشوو ڕابوورد)، ئەویش بەو شێوە بوو کە ئەوان بەردەوام بوونایە لەسەر بە درۆ زانینی پێغەمبەرەکەیان و سەرکەشیان خوای گەورە زوو لە ناوی دەدان.
وە پێغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) دەفەرمێت: (إذا أسلم العَبْد، فحسن إسلامه كتب اللّٰه له كل حسنة كان أزلفها، ومحيت عنه كل سيئة كان أزلفها...)( (1) (علقه البخاري: 1/ 98-الفتح)، دون جملة كتابة الحسنات المتقدمة، (ووصله النسائي: 8/ 105-106) بسند صحيح، وصححه الشيخ الألباني في: (صحيح الجامع الصغير: 336، وصحيح سنن النسائي: 4998، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: 247).

## یانزەیەم :

واتە: ئەگەر بەندە موسڵمان بێت موسڵمان بونێکی جوان و تەواو، ئەوا خوای گەورە هەموو ئەو کردەوە چاکانەی بۆ دەنوسێت کە لەوەو پێش ئەنجامی دابوو، وە هەموو ئەو خراپە و تاوانانەی دەسڕێتەوە کە لەوەو پێش ئەنجامی دابوو،

2 : شوێن کەوتنی پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم):

خوای گەورە پێغەمبەری(صلی اللە علیە وسلم) ناردووە بۆ ئەم ئوممەتە تاوەکو دەریان بێنی لە تاریکایەکان بۆ ڕووناکی، جا هەر کەسێ شوێنی بکەوێ خوای گەورە ڕەحمی پێ دەکات لە تاوانەکانی خۆش دەبێت، وە هەرکەسێ شوێنی نەکەوێت خوای گەورە هیچ کردەوەیەکی لێ وەرناگرێت و سزایەکی توندیشی دەدات لە ڕۆژی دواییدا.

خوای گەورە دەفەرمێت: [قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ] [ال عمران: 31]

واتە: ئەی موحەمەد (صلی اللە علیە وسلم) بەو خەڵکە بڵێ ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت شوێنی من بکەون خوای گەورەش ئێوەی خۆش دەوێت و لە تاوانەکانیشتان دەبوورێت، خوای گەورە زۆر لێبوردەو بە بەزەیییە.

3 : گەڕانەوەی یەکجارەکی بۆ لای خوا:

خوای گەورە دەفەرمێت: [يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا عَسَى رَبُّكُمْ أَنْ يُكَفِّرَ عَنْكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ] [التحريم :8] .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە بە خوا بگەڕێنەوە بۆ لای خوای گەورە بە گەڕانەوەیەکی یەکجارەکی، نزیکە پەروەردگارتان تاوانەکانتان بسڕێتەوە (بەهۆی گەڕانەوەتان بۆ لای ئەو).

وە پێغەمبەر(صلی اللە علیە وسلم) دەفەرمێت:

(التائب من الذنب كمن لا ذنب له).

واتە: ئەو کەسەی دەگەڕێتەوە و واز دەهێنێ لەتاوان، وەک ئەو کەسە وایە تاوانی نەکرد بێت.

4 : لێبوردن:

خوای گەورە دەفەرمێت: [وَلْيَعْفُوا وَلْيَصْفَحُوا أَلَا تُحِبُّونَ أَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَكُمْ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) [النور :22] .

واتە: لێبوردنتان هەبێت بەرامبەر ئەو کەسانەی هەڵە دەکەن بەرامبەرتان و تۆڵەیان لێ مەسێننەوە، ئایا پێتان خۆشە خوای گەورە لێتان خۆش بێت، بەڕاستی خوای گەورە زۆر لێبوردەو بە بەزەییە.

وە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (تلقت الملائكة روح رجل ممن كان قبلكم فقالوا: عملت من الخير شيئا؟ قال: لا. قالوا: تذكر، قال: كنت أداين الناس فآمر فتياني أن ينظروا المعسر ويتجوزوا عن الموسر. قال: قال الله: تجاوزوا عنه) ( (أخرجه البخاري: 4/ 307- الفتح)، وانظر: صحيح الترغيب والترهيب: 904).

واتە: فریشتەکانی روح کێشان گەیشتن بە پیاوێک لە ئوممەتانی پێش ئێوە، پێیان ووت: ئایا دەزانیت هەر چاکەیەکت کرد بێت؟ پیاوەکە ووتی: من قەرزم لای خەڵکی بوو فەرمانم دەکرد بە خزمەتکارەکانم کە چاوەڕوانی ئەو کەسە بکەن کە دەست کورت و هەژارە، وە لەوانەش ببورن کە دەوڵەمەندن، خوای گەورەش فەرمووی بەفریشتەکان: کەواتە ئێوەش لێی خۆش بن .

5 : چاکە کردن بەدوای خراپە کردن دا:

خوای گەورە دەفەرمێت: [إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ ذَٰلِكَ ذِكْرَىٰ لِلذَّاكِرِينَ] [هود : 114].واتە: بەڕاستی چاکەکان خراپەکان لادەدات ودەی سڕێتەوە، ئەوەش بەبیرهێنانەوەیەکە بۆ ئەو کەسانەی یادی خوا زۆر دەکەن.

وە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەفەرمێت: (إتق اللّه حَيْثُما كُنْتَ، وَأتبعِ اَلسّيّئةَ اَلحسنةَ تَمحُها، وَخالِقِ النّاس بِخُلُقٍ حَسَنٍ)((أخرجه الترمذي وأحمد وابن أبي شيبة، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 97).

واتە: خۆت بپارێزە لە سزاو تووڕەیی خوا (بەجێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی)، وە بە دوای خراپەکردندا چاکە بکە ئەوا دەی سڕێتەوە، وە تێکەڵاوی خەڵکی ببە بە خوو ڕەوشتێکی جوانەوە .

6 : بڵاو کردنەوەی سەڵاو و گفتوگۆی جوان:
پێغەمبەر (صلی اللّه علیه وسلم) دەفەرمێت: (إِنَّ مِنْ موجبات اَلمغفرةِ: بذْلُ اَلسلاَمِ، وَحُسْنُ الكلامِ) ( (سلسلة الأحاديث الصحيحة: 1035، وصحيح الجامع الصغير: 2232).واتە: بەڕاستی هەندێک لە مسۆگەر کردنەکانی لێخۆش بوونی خوای گەورە (بۆ تاوانەکانمان) بریتی¬یە لە: بڵاوکرنەوەی سڵاو و گفتوگۆی جوان .

7 : تەوقەکردن:
پێغەمبەر(صلی اللّه علیه وسلم) دەفەرمێت: (ما من مسلِمَيْنِ يلتقيانِ، فيتصافحانِ إلا غُفِرَ لهما قبل أن يتفرقا) ((أبو داود والترمذي وابن ماجة، وصححه الشيخ الألباني في: (صحيح الجامع الصغير: 5777، وصحيح سنن الترمذي: 2727، وصحيح ابن ماجة: 3703).
واتە: هیچ دوو موسڵمانێک بەیەک ناگەن و، پێکەوە تەوقە ناکەن، ئیلا خوای گەورە لێیان خۆش دەبێت پێش ئەوەی لەیەک جیاببنەوە.

8 : چاکە کردن لەگەڵ ئاژەڵ و نەرم و نیانی بەرامبەریان:
پێغەمبەر(صلی اللّه علیه وسلم) دەفەرمێت: (بينهما رجل يمشي بطريق إذا اشتد عليه العطش فوجد بئراً، فنزل فشرب وخرج، فإذا بكلب يلهث يأكل الثرى من العطش، فقال الرجل: لقد بلغ هذا الكلب من العطش مثل الذي بلغ مني، فنزل البئر، فملأ خفه، ثم أمسكه بفيه حتى رقي فسقى الكلب، فشكر للّٰه له، فغفر له).
فقالوا: يارسول اللّه وإن لنا في البهائم لأجراً؟
فقال: (في كل ذات كبد رطبة أجر) ((البخاري: 2363)، و(مسلم: 2244). واتە: لە کاتێک دا پیاوێک دەڕۆیشت بە ڕێگایەکدا زۆر تینوی بوو بیرێکی ئاوی بینی، دابەزی بۆ ناو بیرەکەو ئاوی خواردەوە، لە پاشاندا دەرچوو تەماشای کرد سەگێک لە تینوودا زمانی دەرکرد بوو خۆڵی زەویەکەی دەخوارد، پیاوەکە ووتی: بەڕاستی ئەم سەگە توشی تینویەتی¬یەک بووە وەکو تینویەتی¬یەکەی من، پیاوەکە دابەزی بۆ ناو بیرەکەو خوفەکەی پڕکرد لە ئاو، پاشان بەدەمی گرتی هەتاوەکو سەرکەوتە سەرەوە و سەگەکەی تێر ئاو کرد، لە پاشان خوای گەورە سوپاسی ئەو پیاوەی کردو لێیشی خۆش بوو.

9 : دوورکەوتنەوە لەتاوانە گەورەکان:
خوای گەورە دەفەرمێت: [إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلاً كَرِيمًا] [النساء :31].واتە: ئەگەر ئێوە ئەی بڕواداران دوورکەونەوە لە تاوانە گەورەکان (وەکو زینا و کوشتنی بەناحەق و ریباو...هتد) ئەوا ئێمەش تاوانە بچووکەکانتان دەسڕینەوە و دەتان خەینە ناو جێگەیەکی ڕێز لێ گیراوەوە (کە ئەویش بەهەشتە)

10 : بەڵاو موسیبەت:
پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (إذا ابتلى الله العبد المسلم ببلاءٍ في جَسده قال الله للمَلك: اكتب له صالح عمله الذي يعمله، فإن شفاه غسله وطهّره، وإن قبضه غَفَرله ورحمه)((رواه أحمد، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 258، ومشكاة المصابيح: 1560، وصحيح الترغيب والترهيب: 3422).
واتە: ئەگەر خوای گەورە بەڵاو موسیبەتێک تووشی بەندەیەکی موسڵمان بکات لە لاشەیدا خوای گەورە بە فریشتەی چاکە نووس دەفەرموویت: هەموو ئەو چاکانەیشی بۆ بنوسە کە لەوەو پێش دەیکرد وئێستا بۆی ناکرێ، جا ئەگەر خوای شیفای بۆ بنێرآ و چاک بێتەوە ئەوا دەیشۆرێت وپاکی دەکاتەوە لە تاوانەکانی، وەئەگەر ڕووحی بکێشێت و بیباتەوە بۆلای خۆی لێی خۆش دەبێت و ڕەحمی پێ دەکات .

11 : دەست نوێژ گرتن بە جوانترین شێوە((واتە: بەپێی سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بێت، چونکە ئەوە مەرجە بۆ سڕینەوەی تاوانەکان.
عن عثمان بن عفان رضي الله عنه قال: قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (مَنْ توضأ، فأحسن الوضوء خرجت خطاياه من جسده حتى تخرج من تحت أظافره)( (مسلم: 3/ 1333- النووي).
واتە: هەرکەسێ دەست نوێژ بگرێت، بە دەست نوێژێکی جوان و ڕێک وپێک، ئەوا تاوانەکانی دەردەچن لەلاشەی هەتا لەبن نینۆکەکانی¬یەوە دەردەچێت.
ووشەی (مَنْ) گشتی¬یە، بەڵام تایبەتە بە موسڵمانانەوە هەروەکو چۆن لەفەرموودەی تردا هاتووە، جا جگە لەموسڵمان ئەگەر دەست نوێژ بگرێت بە جوانترین شێوەش هیچ بایەخێکی نییە لای خوای گەورە و تاوانیشی پێ ناسڕێتەوە

12 : بانگدان:
پێغەمبەر (صلى اللّه عليه وسلم) دەفەرمێت: (إن المؤذن يغفر له مدى صوته، ويصدقه كل رطب ويابس سمع صوته، والشاهد عليه له خمس وعشرون درجة) ( (أحمد وابن حبان والبيهقي وأبو داود، وحسنه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 1929).
واتە: بەڕاستی بانگدەر لێخۆشبوونی بۆ هەیە لەلایەن پەروەدگارەوە بەدرێژایی دەنگەکەی (واتە: چەندێک دەنگی بەرز بێت بەرز بێت دروستکراوانێکی زیاتر دەنگی دەبیستن و داوای لێخۆشبوونی بۆ دەکەن، خوای گەورەش بە ئەندازەی داواکەی ئەوان لێی خۆش دەبێت، وە ئەو بانگدەرە بەڕاست دەخەنەوە هەموو تەڕو ووشکێک کە دەنگی باندەرەکە دەبیستن، وەئەو کەسەیش ئامادەی ئەو نوێژە دەبێت کە بانگەکەی بۆ دراوە بیست و پێنج پلەی بۆ هەیە.

13 : نوێژ کردن:
عن أبى هريرة رضي اللّه عنه أنه سمع رسول اللّه(صلى اللّه عليه وسلم) يقول: (أرأيتم لو أن نهراً بباب أحدكم يغتسل فيه كل يوم خمساً، ماتقول ذلك، تبقي من درنه؟)
قالوا: لايبقى من درنه شيئاً .
قال: (فذلك مثل الصلوات الخمس يمحو اللّه بهن الخطايا)( (البخاري: 2/ 11-الفتح)، و(مسلم: 5/ 170-النووي).
واتە: هەواڵم پێ بدەن و پێم ڕاگەیەنن ئەگەر ڕووبارێک لەبەر دەرگای هەریەکێ لە ئێوەدا بێت و ڕۆژی پێنج جار خۆی لێ بشوات، چی دەڵێیت ئایا هیچ پیسی و چڵکێک بەلەشی¬یەوە دەمێنێت؟.
هاوەڵان ووتیان: هیچ پیسی¬یەکی پێوە نامێنێت.
پێغەمبەر(صلى اللّه عليه وسلم) فەرمووی: ئەوە وێنەی پێنج نوێژەکانە خوای گەورە تاوانەکانی پێ دەسڕێتەوە.

14 : سووژدە (کڕنوش) بردن بۆ خوای گەورە:
پێغەمبەر (صلى اللّه عليه وسلم) دەفەرمێت: (يا أبا فاطمة أكثر من السجود، فإنه ليس من مسلم يسجد للّه سجدة إلا رفعه اللّه تبارك وتعالى بها درجة (في الجنة، وحطّ عنه بها خطيئة)((رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: 1519).

واتە: ئەی باوکی فاتمە سووژدە (کڕنوش) ی زۆر ببە بۆ خوای گەورە، چونکە هیچ موسڵمانێک نی¬یە کرنوشێک بۆ خوای گەورە ببات ئیلا خوای گەورە پلەیەک بەرزی دەکاتەوە لەبەهەشت دا و تاوانێکیشی بۆ دەسڕێتەوە .

15 : ڕۆیشتن بۆ نوێژی بەکۆمەڵ (صلاه الجماعه).

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (صلاة الرجل فى جماعة تضعف صلاته في بيته وسوقه خمساً وعشرين ضعفاً، وذلك أنه إذا توضأ، فأحسن الوضوء، ثم خرج إلى المسجد لا يخرجه إلا الصلاة لم يخط خطوة إلا رفعت له بها درجة، وحط عنه بها خطيئة، فإذا صلى لم تزل الملائكة تصلي عليه ما دام في مصلاه: اللهم صلّ عليه، اللهم ارحمه، ولايزال أحدكم في صلاة ما انتظر الصلاة) ( (البخاري: 2/ 266- الفتح) واللفظ له، و(مسلم: 4/ 128- النووي).

واتە: نوێژ کردنی پیاو بە کۆمەڵ چاکتر و خێری زیاترە لەو نوێژەی کە بەتەنها لە ماڵەوە یان لە دوکان و بازاڕەکەی دا دەیکات بە ئەندازەی بیست و پێنج پلە، ئەویش بەوە دەبێت کاتێک کە دەست نوێژ دەگرێت بەدەست نوێژێکی جوان و ڕێک و پێک، پاشان دەردەچێت بۆ مزگەوت هیچ شتێک دەری نەکات لەماڵ تەنها نوێژەکە نەبێت، ئەوا هەر هەنگاوێک کە دەینێت پلەیەکی پێ بەرز دەبێتەوە، وە تاوانێکی پێ دەسڕێتەوە، ئەگەر نوێژەکەشی ئەنجام دا بەردەوام فریشتەکانی خوا دوعای خێری بۆ دەکەن هەتا لەو جێگەیەدا بێت کە نوێژی تیاکردووە دەڵێت: خوادایە لێی خۆش ببە، خودایە بەزەییت پێدا بێتەوە، وە بەردەوام هەریەکێ لە ئێوە لە نوێژدایە ئەوەندەی چاوەڕێی نوێژ دەکات ( واتە چەندێک چاوەڕوانی نوێژی جەماعەت بکەی لە مزگەوت ئەوا ئەو کاتەت بە نوێژ بۆ دەژمێردرێت).

16 : ووتنی (ئامین) لەدوای ئیمامەوە:

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمێت: (إذا قال الإمام: {غَيْرِ المَغْضُوبِ عَليْهِمْ وَلاَ الضَّالِّين}. فقولوا: آمين، إنه من وافقَ قوله قول الملائكة غفر له ماتقدم من ذنبه) ((المصدر السابق).

واتە: ئەگەر ئیمام ووتی ( غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَ لا الضَّالِّينَ ) ئێوەش بڵێن: ئامین، چونکە بەڕاستی هەر کەسێ ووتەکەی یەک بگرێ لەگەڵ ووتەی فریشتەکاندا ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی لەوەو پێشی خۆش دەبێت.

17 : شەو نوێژ کردن:

پێغەمبەر (صلى اللّٰه عليه وسلم) دەفەرمێت: (عليكم بقيام الليل، فإنه دأب الصالحين قلبكم، وقربة إلى اللّٰه، ومنهاة عن الإثم، وتكفير للسيئات، ومطردة للداء من الجسد)( (رواه الحاكم والبيهقي، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الجامع الصغير: 4079).

واتە: دەست بگرن بەشەو نوێژەوە و شەو نوێژ بکەن، چونکە شەو نوێژ کردن داب و نەریتی پیاو چاکانی پێش ئێوەیە، وەنزیک بوونەوەیە لە خوای گەورە، وە ڕێ گرە لە تاوان و خراپەکاری، وەسڕینەرەوەیە بۆ تاوانەکان، وە دوور خەرەوەی دەردو نەخۆشییە لە لاشە .

18 یاد کردنی خوای گەورە:

پێغەمبەر (صلى اللّٰه عليه وسلم) دەفەرمێت: (مامن قوم اجتمعوا يذكرون اللّٰه لايريدون بذلك إلا وجهه إلا ناداهم مناد من السماء: أن قوموا مغفور لكم، قد بدلت سيئاتكم حسنات)( (رواه أحمد، وصححه الشيخ الألباني في: صحيح الترغيب والترهيب: 1504، وسلسلة الأحاديث الصحيحة: 2210) .
کۆمەڵێک کۆبنەوە و یادی خوای گەورە بکەن و مەبەستیان تەنها ڕەزا بوونی پەروەردگار بێت، ئەوا بانگدەرێک بانگ دەکات لە ئاسمانەوە: هەستن خوای گەورە لێتان خۆشبووە، وە بەڕاستی تاوانەکانتان بۆ گۆڕا بە چاکە.

## دوانزەیەم :

پ/ حوکمی پاڕانەوە لە جگە لە اللّٰه و پیاوچاکان چیە ؟؟

وەڵام / پاڕانەوە لە جگە لە اللّٰه هاوبەش بڕیارادانە بۆ اللّٰه . وە دەچیتە ئاگرەوە .

بەڵگە : لە قورئان :

قال اللّٰه تعالى : { فَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ فَتَكُونَ مِنَ الْمُعَذَّبِينَ }الشعراء : 213.

واتە : لەگەڵ خوای گەورەدا پەرستراویکی تر دامەنی لێی بپاڕێیتەوە چونکە ئەگەر وات کرد ئەوا لەو کەسانە دەبیت کە بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدرێن .

وە لە فەرموودەدا :

قَالَ النَّبِيُّ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- : { مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ } رواه البخاري .

واتە : هەرکەسێك مردبێت و پاڕابێتەوە لە جگە لە خوای گەورە - تەوبەی نەکردبێت - ئەوا دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە .

## سیانزەیەم :

پ/ واتای - لا إله إلا اللّٰه - چیە ؟

وەڵام/ مانای ئەوەیە : هیچ پەرستراوێك نییە کە شایانی پەرستن بێت بە حەق جگە لە خوای گەورە .

بەڵگە :

لە قورئان : قال اللّٰه تعالى : ( ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ هُوَ الْحَقُّ وَأَنَّ مَا يَدْعُونَ مِنْ دُونِهِ هُوَ الْبَاطِلُ ) الحج :62 .

واتە : ئەوەی کە باس کرا بۆتان ( لە ئایەتی پێشودا) دەری دەخات کە تەنیا پەرستنی خودا ڕاستە و دروستە ، وە ئەوەی لە غەیری خوا پەرستنی بۆ دەکرێ ئەوەیە کە پوچ و بەتاڵە .

لە فەرموودە : قال رسول اللّٰه - صلى اللّٰه عليه وسلم - : ( هەرکەسێك بڵێت هیچ پەرستراوێکی حەق نییە کە شایانی پەرستن بێ جگە لە خوای گەورە ، وە بێ باوەڕ بێت بەوانەی جگە لە خوای گەورە دەپەرسترێن ، ئەوا خوێن و ماڵی حەرام دەبێت لەسەر موسڵمان .

## چواردەیەم :

حوکمی درۆ لەگەڵ منداڵ

▪عبدللە ی کوڕی عامر گوتویەتی:
((واتە: ڕۆژێك دایکم بانگی کردم و پێغەمبەریش لە ماڵمان دانیشتبو. دایکم گوتی: وەرە شتێکت بدەمێ. پێغەمبەر بە دایکمی فەرمو: دەتویست چی بدەیتێ؟ دایکم گوتی: ویستم خورمای بدەمێ. پێغەمبەر فەرمووی: گەر بهاتایە و هیچ شتێکت پێ نەدایە، ئەوا درۆیەکت بۆ دەنوسرا)) )) رواه أبو داود (حديث صحيح)

▪دعتني أمي يوماً ورسول الله صلى الله عليه وسلم قاعداً في بيتنا فقالت: تعال أعطك، فقال لها رسول الله صلى الله عليه وسلم: ما أردت أن تعطيه، قالت: أردت أن أعطيه تمراً، فقال لها: أما إنك لو لم تعطه شيئاً كتبت عليك كذبة)) رواه أبو داود (حديث صحيح)

## پانزەیەم :

درۆکردن بە دەم پێغەمبەری خواوە صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ
عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ:قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ((مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا ، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)) رواه مسلم 3.
واتە: ((هەر کەسێك درۆیەك بە دەمی من دا بکات, ئەوا با جێگای خۆی لە ئاگر ئامادە بکات)).

*بۆیە دەبێ ئێمە زۆر وریا بین کاتێك فەرموودە یەکی پێغەمبەری خوا باس دەکەین دەبێ دڵنیا بین لەڕاستی و دروستی فەرموودەکە نەوەك گوێمان لە هەر فەرموودەیەك بێت کە پاڵ درابێت بۆ لای پێغەمبەری خوا یەکسەر باسی بکەین بۆ خەڵك.

## شانزەیەم :

قال رسول الله صلى الله عليه وسلم

مَنْ سَدَّ فُرْجَةً بَنَى اللَّهُ لهُ بَيْتًا في الجنةِ و رفعَهُ بِها درجةً

مصدر: السلسلة الصحيحة - الصفحة أو
الرقم: 1892

واتە : پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموويت

هەر کەسیك بۆشایی ریزیك پربکاتەوە لە نوێژدا خوای گەورە مالێکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا وە پلەیەکیشی بەرز دەکاتەوە .

## حەڤدەیەم :

هۆکاری بەڵا و نارەحەتی

شێخی بەرێز ابن عثيمين رحمه الله فەرمویەتی :

ئێمە توشی بەڵاو نارەحەتی نابین لەم رۆژەدا ئیللا بەبۆنەی تاوانەکانمانەوە نەبێت

قال العلامة ابن عثيمين رحمه الله :
إننا ما أصبنا بهذه المصائب التي نحن عليها اليوم إلا بسبب ذنوبنا .

شرح السفارينية ٦١٩

## هەژدەیەم :

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

(أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قل)

صححه الألبانى في صحيح الجامع الصغير، برقم(163).

واتە: خۆشەویسترین کردەوە لای خوای پەروەدەگار ئەوەیە بەردەوام بیت لەسەری ئەگەر چی کەمیش بێت.

## نۆزدەیەم :

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

(إذا أحب الله قوما ابتلاهم)

صححه الألبانى في صحيح الجامع الصغير، برقم(285).

واتە: خوای گەورە کەسانێکی خۆشبووێت تاقیان دەکاتەوە.

## بیستەم :

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمووێت:

(أكثر خطايا ابن آدم في لسانه)

صححه الألبانى في صحيح الجامع الصغير، برقم(1201).

واتە: زۆربەی تاوانی نەوەی ئادەم بەهۆی زمانیەوەیە.

## بیستو یەکەم :

پێغەمبەری خوا صلى اللّٰه عليه وسلم دەفەرمووێت:

(الدال على الخير كفاعله)

صححه الألبانى في صحيح الجامع الصغير، برقم(3399).

واتە: ئەوکەسەی ڕێنمونی خەڵکی دەکات بۆ چاکە وەکو ئەوە وایە خۆی کردبێتی.

## بیستو دووەم :

پێغەمبەری خوا صلى اللّٰه عليه وسلم دەفەرمووێت:

(إن ساقي القوم آخرهم شربا)

صححه الألبانى في صحيح الجامع الصغير، برقم(2088).

واتە: ئەو کەسەی ئاودەگێڕێت ئەبێت خۆی کۆتا کەس بیخواتەوە.

## بیستو سێیەم :

پێغەمبەری خوا صلى اللّٰه عليه وسلم دەفەرمووێت:

(الإسلام يعلو ولا يعلى)

حسنه الألبانى في صحيح الجامع الصغير، برقم(2778).

واتە: ئیسلام بەرز و بڵندە وهیچ دینێکی بەسەردا بەرز نابێتەوە.

## بیست و چوارەم :

(ئەگەر نوێژت بیرچوو)

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ ((مَنْ نَسِيَ صَلاَةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا، لاَ كَفَّارَةَ لَهَا إِلَّا ذَلِكَ...)) رواه البخاري ٥٩٧.

واتە: ((هەر کەسێك نوێژی بیر چوو ، هەر کاتێك بە بیری هاتەوە با نوێژەکەی بکات ، چونکە هیچ کەفارەتی بۆ نی یە تەنها ئەوە نەبێت...)).

*بەڵام کاتێك نوێژێکت لە بیر دەچێ هەر کاتێك بە بیرت هاتەوە دەبێ یەکسەر نوێژەکەت بکەیت نابێ تاخیری بکەی بۆ کاتێکی تر ، بۆ نموونە نوێژی بەیانیت بیر چووە نابێ تاخیری بکەی بۆ کاتی نیوەڕۆ بەڵکو کەی بە بیرت هاتەوە دەبێ یەکسەر بیکەی ئەگەر نا گوناهبار دەبی.

## بیست و پێنجەم :

(پاداشتی بەدەست هێنانی زانستی شەرعی)

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ((...، وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا، سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ,...)) رواه مسلم ٢٦٩٩.

واتە: ((هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی زانستی-شەرعی-ئەوا خوای گەورە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات)).

## بیستو شەشەم :

### گەورەیی بەهەشت

خوای پەروەردگار دەفەرموویت :-

« يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ۖ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ ٱلْأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلْأَعْيُنُ ۖ وَأَنتُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ » الزخرف : ٧١

واتە : لەسەر سینی و کوپی ئاڵتون جۆرەها خواردن و خواردنەوەی جوان و ڕازاوە و تام خۆش و بۆن خۆشیان بەسەردا دەگێڕن و لەو بەهەشتەدا هەرچی نەفس حەزی لێ بکات و دڵ بیخوازێت و چاو حەز بەدیتنی بکات ئامادەیە و ئێوە، ئەی خواناس و پاکان، ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەشی تیادا دەبەنە سەر.

## بیستو حەوتەم :

پێغەمبەری خوا صلی اللّٰه علیه وسلم دەفەرموویت :
( لو اخطاتم حتی تبلغ خطایاکم السماء ، ثم تبتم لتاب علیکم )

(سلسلة الاحادیث الصحیحة : 903)

واتە : ( ئەگەر تاوان بکەن تا تاوانەکانتان ئەگات بە ئاسمان -ئەوەنە زۆر بێ- پاشان تەوبە بکەن خوا تەوبەتان لێ وەر ئەگرێ ) .

پێغەمبەری خوا صلی اللّٰه علیه وسلم دەفەرموێ :
( التائب من الذنب کمن لا ذنب له )

(صحیح الجامع : 3008)

واتە : ( ئەوەی تەوبەی لە تاوان بکات وەک کەسێکە کە تاوانی نەبێت -نەیکردبێ- ).

## بیستو هەشتەم :

سێ کێشە بەسێ ڕێگا چارەسەر دەکرێت
یەکەم: گەر توشی خۆشویستنی هەواو ئارەزوو و شەهوەت بووی .
چارەسەر: چاوێک بخشێنەوە بەنوێژەکانتدا .
بەڵگە : خوای پەروەردگار فەرموویەتی: { فَخَلَفَ مِن بَعْدِهِمْ خَلْفٌ أَضَاعُوا الصَّلَاةَ وَاتَّبَعُوا الشَّهَوَاتِ ۖ فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا }
واتە: لە پاش ئەم پێغەمبەرە باشانە و شوێن کەوتووە چاکەکانیان کەسانێکی خراپ هاتن ، کە نوێژەکانیان فەوتاندو ئەنجامیان نەدا، یان لەسەر شێوازی خۆی نەیان ئەکرد، یان لە کاتی خۆیدا نەیاندەکرد ، وە شوێنی هەواو ئارەزوو شتە حەرامەکان کەوتن ، ئەوانە تووشی شەڕو خراپەو زەرەرمەندی ئەبن.
دووەم: گەر هەستت بەدڵتەنگی وبێزاری کرد .
چارەسەر: چاوێک بەحاڵتدا بخشێنەوە لەگەڵ قورئاندا .
بەڵگە: خوای پەروەردگار فەرموویەتی: { وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكًا }
واتە: وە هەر کەسێکیش پشت لە دین و قورئانەکەی من بکات ، ئەوە بە دڵنیایی ژیانێکی تەنگ و تەسك لە دونیادا ئەیژێنین لە دوودڵی و گومان و دڵەڕاوکێ و شڵەژاویدا دەژێت، وە لەناو گۆریشدا سزا دەدرێت و گۆڕەکەی لێ تەسك دەکرێتەوە تا پەراسوەکانی هەموو دەشکێت.
سێیەم: گەر هەستت شەقاوەت و بەبەدبەختی خۆت کرد وسەرکەوتوو نەبوویت لەکارەکانتدا .
چارەسەر : چاوێک بخشێنە بەهەڵسوکەوتتدا لەگەڵ دایکتدا .
بەڵگە :خوای پەروەردگار سەبارەت بە عیسی علیە السلام فەرموویەتی: { وَبَرًّا بِوَالِدَتِي وَلَمْ يَجْعَلْنِي جَبَّارًا شَقِيًّا }
واتە: وە فەرمانم پێ کراوە بە چاکەکردن لەگەڵ دایکمدا { لەبەر ئەوەی باوکی نەبووە تەنها باسی دایکی ئەکات } ، وە خوای گەورە منی وا لێ نەکردووە کەسێکی لووتبەرزو خۆبەگەورەزان بم وە سەرپێچی خوای گەورە یان دایکم بکەم یان ئازاری دایکم بدەم.

## بیستو نۆیەم :

ئایا درۆی مەصڵەحەت هەیە ؟

پرسیار:

ئایا درۆی مەصڵەحەت هەیە ؟

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

موسڵمان ڕاستگۆیە هەمیشە درۆ ناکات بەڵکو هەر تاوانێك بکات نابێت درۆ بکات بەتایبەتی ئەگەر درۆ کردن لەبەر خودی خۆی بێت چونکە خوای گەورە فەرمان بە موسڵمانان دەکات بەڕاستگۆیەتی: [وَكُونُواْ مَعَ الصَّادِقِينَ] بەڵام ئەگەر درۆ کردن بۆ اصلاح بوو لە نێوان دووکەس دا بوو ڕێگەی پێ دراوە وەك پێغەمبەری خوا صلی علیه وسلم دەفەرموێ: (ليس الكذّاب الذي يصلح بين الناس فينمي خيراً أو يقول خيراً) متفق عليه. مرۆڤ مەبەستی چاکسازی و اصلاح بێت لە نێوان خەڵکدا و بڵێت فڵانەکەس بە باشی تۆی باس کردووە و دوعای خێرت بۆ دەکات ئەوە دروستە با واش نەبێت جا ئەم درۆیە پێی دەوترێت درۆی اصلاح نەك مە صلەحەت بە مانای ئینسان بۆ مەصلەحەتی خۆی درۆ بکات وەکو خەڵکی نەزان تەفسیری دەکەن.

## سی یەم :

نیعمەتی لەش ساغی و بێکاری

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ((نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ: الصِّحَّةُ وَالفَرَاغُ)) رواه البخاري ٦٤١٢.

واتە: (( دوو نیعمەت هەیە زۆر لە خەڵکی خەسارەتمەند و دۆڕاون تیایدا: ئەویش لەش ساغی و بێکاری یە)).

بێکاری لیرە واتە کاتی هەبیت بۆ عیبادەت

نەک نەکردنی کاری ڕۆژانەت

## سیو یەکەم :

(20) جۆر لەو شیرکانەی کە بەربڵاوە لەناو خەڵکی و کۆمەڵگادا

پرسیار:

ئایا ئەو شیرکە بەربڵاوانە چین لە نێو خەڵکی دا بونی هەیە؟

بسم اللّٰه الرحمن الرحیم

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە وە درودو سڵاو لە سەر گیانی پێغەمبەری خوا وە لەسەر خێزان و کەس وکاری ئیماندارو هاوەڵان و شوێن کەوتوانی تا رۆژی دوایی.

ئەمەی خوارەوە بریتی یە لە (20) جۆر لەو شیرکانەی کە لەنێو خەڵکی و کۆمەڵگادا بەربڵاوە :

1. داواکردن و هانا بردن و پەنا گرتن لە غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو: بڵێت ، یا رسول اللّٰه شیفام بۆ بنێرە ، یا شیخ عبدالقادر گەیلانی بمپارێزە ، بەهانامەوە وەرە ، ڕزقم زیاد بکە .
2. ترسان لە غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو ترسان لە گۆڕی پیاوچاکان.
3. حەیوان سەربڕین بۆ غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو حەیوان سەربڕین لەسەر گۆڕی پیاوچاکان یان بۆ جنۆکەکان .
4. نەزرکردن بۆ غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو حەیوانێك لەسەر خۆی نەزر بکات بۆ گۆڕی پیاوچاکێك هەر کاتێك کارەکەی بۆ جێ بەجێ بوو .
5. خۆش ویستنی کەسێك بە ئەندازەی خۆشویستنی خودای پەروەردگار ، یان زیاتر لە ئەندازەی خۆش ویستنی لەخودا
6. ووتنی : ئەگەر ویستی خودا و ویستی تۆی لەسەر بێت . ووتنی : لە سایەی تۆ و لە سایەی خودای پەروەردگار .
7. هەڵواسینی نوشتە و پەڕۆی سەوز و دار تاوك بە خۆتەوە یان منالەکانتەوە یان سەیارەکەتەوە ، بە مەبەستی پاراستن لە چاو و زار .
8. هەڵواسینی نالّی گوێدرێژ و ئێسك و قۆچی حەیوان بە خانوەکەتەوە یان سەیارەکەتەوە یان باخچەکەتەوە بە مەبەستی پاراستن لە چاوەزار .

9. چونە سەر گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان بۆ داواکردن لێیان بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی یان منداڵ بوون یان هەر شتێکی تر کە لە توانای غەیری خودای پەروەردگار دا نیە .

10. دەست هێنان بە کێل و قەفەزی گۆڕی پێغەمبەران و پیاوچاکان بۆ تەبەڕوك.

11. سوجدە بردن بۆ گۆڕی پیاوچاکان یان بۆ ئەو کەسەی کە زیندووە و بە شێخ مەشهوورە .

12. تەواف کردن بە دەوری غەیری کەعبەی ماڵی خودای پەروەردگار ، وەکو تەواف کردن بە دەوری گۆڕی پێغەمبەرێك یان پیاوچاکێك یان هەر کەسێك و هەر شتێك.

13. کڕنوش بردن و خۆدانەواندن بۆ غەیری خودای پەروەردگار .

14. باوەڕ بوون بە سحرباز و جادووگەرو شوین هەڵگر .

15. دانە پاڵی باران بارین بۆ لای غەیری خودای پەروەردگار وەکو ئەستێرەکان یان پیاوچاکان .

16. کردنی عیبادەتێك بۆ بینینی خەڵك کە پێی دەڵێن (الريا) واتە ڕووبینی.

17. کردنی عیبادەتێك بۆ بیستنی خەڵك کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (السمعه) واتە: ووتنی قسەیەکی باش یان زیکرێك بۆ ئەوەی خەڵك لێی ببیستێت تاوەکو پێی بڵێن بەڕاستی پیاوێکی بە تەقوایە .

18. کردنی عیبادەتێك بۆ بە دەستهێنانی شتێك لە دونیادا.

19. سوێند خواردن بە غەیری خودای پەروەردگار ، وەکو بڵێت بە پێغەمبەر ، یان بە گۆڕی شێخی ، یان بە سەری تۆ ، یان بە سەری من ، یان بەسەری کوڕم ، یان بەگۆڕی باوکم ، یان بە هەردروستکراوێك لە دروستکراوەکانی خودای پەروەردگار .

20. گوێڕایەڵی کردنی کەسێك لە حەڵاڵ کردنی شتێکی حەرام ، یان لە حەڕام کردنی شتێکی حەڵاڵ .

## سیو دووەم :

گوێ لە گۆرانی بوون لە ناو پاص و تەکسی بە بێ حەزی خۆت

پرسیار:

من گوێ لە گۆرانی ناگرم بەڵام ئەو پاسەی کە هاتووچۆی پێ ئەکەم بۆ قوتابخانە بەردەوام گۆرانی لێدەدەن ناشتوانم بیگۆڕم چارە چییە؟

بەداخەوە زۆرێک لە خەڵک وای لێ هاتووە زۆر ئالوودەی گۆرانی و مۆسیقا بوون ، و تەنانەت زیاتر لەکەلامی پەروەردگاریان ! .

بۆیە نەخۆشی و دەرد و سیحر زۆر بووە ، ئەوەش بەهۆی ئەوەی گۆرانی و مۆسیقا دەبێتە هۆکاری بانگ کردنی جنەکان ، و دەرچوونی فریشتەکان لەماڵەکان کە هۆکاری ڕەحمەتن .

هەر بۆیە پێشینان دەیان گوت : گۆرانی و مۆسیقا ڕێ خۆشکار و بەریدی زینایە .

وەهەروەها دەیان گوت : مۆسیقا ڕوقیەی زینایە .

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکە : کاتێ کەمرۆڤ لەسەیارەیەکی گشتی دا سەر دەکەوێت و توشی گوێ گرتن دەبێت لەگۆرانی و مۆسیقا با لەدڵەوە ئینکاری لێ بکات ، وڕقی لێ بێت ، ئەمە گەر توانای ئینکاری کردنی نەبوو بەزمان ، و نەیدەتوانی ئەو جێگەیە بەجێ بێڵێت ، بۆ نموونە گەر لەکەشتیەکدا بوو ، یاخود لەتەیارەیەکدا بوو ، لەم حاڵەتەدا با ئەو کارە بکات کە پێغەمبەری خودا ﷺ و عومەری کوڕی خەتاب دەیان کرد ئەوەش ئەوەیە پەنجەکانی بخاتە گوێیەوە ، یاخود بەهەر شێوازێکی تر کەوا بکات گوێ بیستی گۆرانیەکە نەبێت.

دواتر زانایان جیاوازیان کردووە لەنێوان گوێ گرتن وبەر گوێ کەوتن دا .

ابن قدامة رحمه الله دەڵێت :

گوێ گرتن جودایە لەبەر گوێ کەوتن ، هەر بۆیە فوقەها جیاوازیان کردووە لەنێوان گوێ گرتن و بەر گوێ کەوتن دا لەسەژدەی قورئان خوێندندا و بەواجبیان نەزانیوە گەر کەسێک شتێکی حەرامی بەرگوێ کەوت گوێی داخات ، و خوای پەروەردگار فەرموویەتی : (وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ) .

واتە : وە کاتێك گوێیان لە قسەی پڕوپووچ و بێمانا ئەبێ لەلایەن هاوبەشبڕیاردەرانەوە کە تانەو تەشەر لە دینەکەیان بدەن ئەمان پشتیان تێ ئەکەن و تێکەڵیان نابن .

خوای گەورە نەیفەرمووە گوێیەکانتان داخەن ، کەسی گوێ گر ئەوەیە کەخۆی گوێ دەگرێت .

وە پرسیار کراوە لە زانایانی (اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء) ناچارین گوێ لە گۆرانی یاخود مۆسیقا بگرین ، جا لەنێو پاس دا بێت کە دەمان بات بۆ سەرکار ، یاخود تەکسیەکان کە ناچارین سەر کەوین بۆ سەفەر کردن ، جا حوکمی ئەو گوێ گرتنە چی یە ؟

لە وەڵامدا فەرمویانە :

گەر تۆ نەتوانی ڕێگری بکەیت لەگۆرانی لەنێو پاس یاخود تەکسیدا وناچاریشی سەر کەویت لەبەر دووری ڕێگاکە و سەیارەی ترت دەس ناکەوێت ئەوا هیچ تاوانێکت لەسەر نی یە ،بەڵام دەبێ بەگوێرەی توانا ئینکاری بکەیت تەنانەت گەر بەدڵیش بێت .

## سیو سێییەم :

جوێن دان بە زەمانە ڕۆژگار دروست نی یە

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ((لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ، فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الدَّهْرُ)) رواه مسلم ٢٢٤٦.

واتە: ((جوێن بە ڕۆژگار-زەمانە- مەدەن, چونکە خوای گەورە خۆی ڕۆژگارە-زەمانەیە- واتا خوای گەورە ڕۆژگار دێنێت و دەبات و شەوو ڕۆژ دروست دەکات)).

## سیو چوارەم :

◈لە نزاکانی پێغەمبەری خودا ﷺ

(اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَخَطَايَايَ كُلَّهَا ، اللَّهُمَّ أَنْعِشْنِي وَاجْبِرْنِي ، وَاهْدِنِي لِصَالِحِ الأَعْمَالِ وَالأَخْلاقِ ، فَإِنَّهُ لَا يَهْدِي لِصَالِحِهَا وَلَا يَصْرِفُ سَيِّئَهَا إِلَّا أَنْتَ)

خوایە لە هەموو تاوان و هەڵەکانم خۆشبە ، خوایە بمژێنەوە و کەموکۆڕیەکانم پڕ کەرەوە و ڕێنماییم بکە بۆ کردەوە و ڕەوشتی چاك چونکە بەڕاستی کەس نیە ڕێنمایی بکات بۆ کردەوە و ڕەوشتی چاك و خراپەکانیشی لابدات لە ڕێم تەنها تۆ نەبێت .

❋❋❋

## سیو پێنجەم :

ناوی فریشتەکانی الله سبحانە وتعالی
کە بە فەرمانی الله  ئەم کارانەیان پێسپێردراوە :

١- جوبرائیل : تایبەت بەهێنانی وەحی بۆ پێغەمبەران علیهم الصلات والسلام .

٢- میکائیل: تایبەت بە دابەشکردنی ڕزق و ڕۆزی وە ڕاسپێردراوە بە دابەزاندنی باران .

٣- ئیسڕافیل : بەرپرسیارە لە لێدانی نەفخی صور ، لە کاتی هاتنی قیامەت .

٤- مەلەکولمەوت(ملک الموت) فریشتەیەکە : گیانی زیندەوەران دەکێشێ .

٥- نەکیر و مونکەر : پرسیاری ناوگۆڕت لێدەکەن .

٦- ڕەقیب و عەتید : دوو فریشتەن لەسەر شانەکانمان ، کە چاکە و خراپەکانمان .

## سیو شەشەم :

{ کارە کانی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ڕەمەزان }

1. کاری یەکەم

( ئیسلام، ئیمان، ئیحسان )

موسڵمان ڕۆژووەکەی ناشکێنێت.

ئیماندار رۆژووەکەی لاوازناکات.

چاکەکار ڕۆژووەکەی چەندجارەدەکات.

سێیەم لوتکەی هەرەمە لە ڕەمەزاندا لە وێ بە.

2. کاری دووەم

( ئیمان و ئیحتیساب )

نەڵێی ڕۆژوو بۆ جەستە ساغڵەمییە و شەونوێژ وەرزشە ئەگەر بەهەشت و دۆزەخت لەبەرچاو نەبێ خۆت ماندومەکە.

3. کاری سێیەم

( پاشیو و فتارە )

پاشیوی مەعنەوی ماناکانی( لا حول ولا قوة الا باللّٰه ) دەگرتەوەخۆی و فتارەی مەعنوی ماناکانی( استغفار ) دەگرتەوە خۆی یەکەم داوای پشتبەستنە بە اللّٰه تعالی بۆ ئەنجامدانی بەندایەتی دووەم داوای لێبوردن لە اللّٰه تعالی لەبەر کەموکورتیمان لە بەندایەتی.

بەم دووە [ إياك نعبد وإياك نستعين ] دێتە جێ.

4. کاری چوارەم

( سەخاوەت و تیلاوەت )

زۆری تیلاوەی قورئان زیادکردنی بەخشینی ماڵ و سامان نیشانەی قەبووڵ بوونی نوێژی و ڕۆژووە لە ڕەمەزان

كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَجْوَدَ النَّاسِ وَكَانَ أَجْوَدُ مَا يَكُونُ فِي رَمَضَانَ حِينَ يَلْقَاهُ جِبْرِيلُ وَكَانَ يَلْقَاهُ فِي كُلِّ لَيْلَةٍ مِنْ رَمَضَانَ، فَيُدَارِسُهُ الْقُرْآنَ...

( متفق عليه ).

5. کاری پێنجەم
( ئەنجامدان و قەبووڵ بوون )
ئەگەر اللّٰه تعالی دەرگای ئەنجامدانی نوێژ و ڕۆژووت بۆ کردبێتەوە مانای ئەوەنییە دەرگای قەبووڵ کراوەیە.!
مەرجی قەبووڵ بوون قورسە:[ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ ٱللَّهُ مِنَ ٱلۡمُتَّقِينَ ] کەواتە لە پاڕانەوە و ئیستغفار غافل نەبە

## سیو حەوتەم :

قورئان خوێن دابەش دەبێت بۆ چەند جۆر؟

جۆرەکانی قورئان خوێن

قورئان خوێن دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر :

1 ـ چاکە کار و پاداشت وەرگر (المحسن المأجور):

ئەو کەسەیە کە هەوڵ دەدات و فێری یاسا و ڕێساکانی قورئان خوێندن دەبێت و بەجوانی بە ئەنجامی دەگەیەنێت ، لە ڕووی بەجێ گەیاندی سیفاتی پیتەکان و دەرکردنیان لە شوێنی خۆیان و وەستان و دەست پێکردنی دروست و ...هتد.

2 ـ خراپەکار و تاوانبار (المسيء الآثم):

ئەو کەسەیە کە دەتوانێت هەوڵ بدات و فێری یاسا و ڕێساکانی قورئان خوێندن ببێت ، بەڵام ئەو کارە ناکات و تەمەڵی دەکات ، ئەمەش بەهۆی هەواو ئارەزووەوە شێوازی نادروست دەخوێنێت یان بەهۆی تەمەڵیەوە و یان ...هتد.

3 ـ بەهانەدار (المعذور):

ئەو کەسەیە کە هەوڵ دەدات فێری یاسا و ڕێساکانی قورئان خوێندن ببێت ، بەڵام ناتوانێت ئەو کارە تەواو بکات و بگاتە ئەوەی کە بە جوانی ئەنجامی بدات ، ئەمەش بە هۆی کێشەی زمانیەوە یان نەتواناییەوە یان ... هتد

## سیو هەشتەم :

کـتێبـی -الصحیح البخاري- ڕاسـتـرین کـتێبـە لە ئیسلام دوای قورئـانی پیرۆز،
هـۆکاری نـوسینـەوەی ئـەم کتێبـە لـە لایەن ئیمامی بوخاری تـەنهـا یـــەك قسـە بــوە لـە یـەك مەجلیــس، بـەهۆیـەوە خـوای گـەورە ئیمامی بوخـاری بـەرزکردەوە بۆ پێگـەیەکی زۆر بەرز.

جـارێك ئیمامی بوخـاری لە مەجلیسی ئیمامی اسحاق کوڕی ڕاهەویە دانیشتـبوو، ئیمامی اسحاق فـەرمووی: ئـای ئـەگـەر کەسێك کتێبێکی بنـوسیبا هەمـوو فـەرموودە ڕاستـەکانی پێغەمبەری خوای ﷺ تـێدا کۆبکردایـەتـەوە.
تـەنهــا ئـەم ڕسـتەیە کەوتـە نـاخی ئیمـامی بوخـاری و ئـەم کتێبـە گـەورە و مـەزنـەی نووسیەوە کە چاکتـرین و بـاشتـرین کتێبـە بەڕەهـایی.

جـا بـرا بەڕێزەکەم خوشکی بەڕێزم
هـەرگیـز بـە کەمی مەزانـە بـڵاوکردنەوەی تـەنهـا بـابەتێکی کورتیش بێت،
بەکەمی مەزانـە چـرپانـدنی دوو نەسیحـەت و پێشـنـیاری چـاك بـە گوێـی بـراکـەت خوشکەکەت هـاوڕێکەت لـەوەیە هـەمان بڵاوکراوەی تـۆ هەمـان پێشنیاری تـۆ بچێـتە ناخـی کەسێکەوە و کەسێکی وەك بوخـاری ئاسـای لێ دەربچێـت.

## سیو نۆیەم :

⌊واللە ناتوانی ئەم هەموو ڕێگایە ببڕی بەبێ عیلم⌉

هەڵسن ئەی خوشک و برای دینیم
عیلم بخوێنن و فێربن بۆ ئەوەی بتوانن عیبادەتێکی ڕاست و تەواوبکەن

بەڕاستی ڕێگای قیامەت درێژە کەمێکمان بڕیوە و زۆرمان ماوە، توویش و زەخیرەشمان کەمە، قافڵەی ساڵحان و چاکان بەڕێکەوتووە بەڕاستی ئێمەش جێماوین،
هەڵسن بخوێنن فێربن واللە لا نجاة الا بالعلم ، والعلم النافع سبیل نجاة
بەڕاستی عیلم ڕووناککەرەوەی دونیاتە عیلم مرۆڤ دەردەهێنێت لە زیندانی نەزانین و گومڕایی، عیلم ڕزگارکەری پرسیاری ناوگۆڕتە،عیلم ڕزگارکەری تۆیە تا ئەتگەیێنێتە بەهەشت،
بەڕاستی خوا ڕێزی لەعیلم و ئەهلی علم گرتووە بەکردنی بە میرات گری پێغەمبەرانﷺ ،
وە ئەهلی عیلم کۆڵەگەی هیدایەتن بۆ خەڵك.

## چلەییەم :
## نێربازی

تاوانەکەی قەومی «لوط» ئەوەبوو لەگەڵ نێرینەکاندا جووت دەبوون و نێربازیان دەکرد.
وەکو خوای گەورە دەفەرمووێ:- [وَلُوطاً إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُمْ بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِنْ الْعَالَمِينَ ] الأعراف:٨٠
واتە ««لوط» مان علیه السلام کردە پێغەمبەر و بەگەلەکەی خۆی ووت: بەڕاستی ئێوە تاوانێکی خراپ و ناشرینی وا ئەنجام دەدەن لەڕووی داوێن پیسیوە کە هیچ کەسێك لە خەڵکانی جیهان پێش ئێوە کاری وەها شەرمەزارانەی نەکردووە، ئەویش ئەوەیە ئێوە دەچنە لای پیاوان و نێربازی دەکەن ».
وە لەبەر ناشیرینی و ناقۆڵایی و ترسناکی ئەم تاوان و خراپەیە خوای پەروەردگار سزای ئەوکەسانەی داوە کە ئەنجامی دەدەن بە چوارجۆر لە سزا و تۆڵە، کە ئەم چوارجۆرە بەسەر هیچ گەلێکی تردا کۆنەبۆتەوە، ئەوانیش بریتین لە کوێر بوونی چاوەکانیان و، ژێروبان بوونیان و، بەردەباران کردنیان لەئاسمانەوە بەبەردی سورەوەبوو، وە ناردنی هاوار و قیژەیەکی سامناك بەسەریاندا.
وە لەشەریعەتی ئیسلامیش دا هەر کەسێك ئەو کارە ئەنجام بدات یان ئەو کارەی لەسەر بکرێ بەڕازی بوونی خۆی و زۆری لێ نەکرابێ، ئەوا تۆڵەو سزاکەیان ئەوەیە کەدەبێ بە شمشێر بکوژرێن.

## چل و یەکەم :

«عبداللّٰە»ی کوڕی«عباس» لە پێغەمبەرەوە صلی اللّٰە علیە وسلم دەیگێڕێتەوە کە فەرموەیەتی:
[ مَنْ وَجَدْتُمُوهُ يَعْمَلُ عَمَلَ قَوْمِ لُوطٍ فَاقْتُلُوا الْفَاعِلَ وَالْمَفْعُولَ بِهِ] .رواه الإمام أحمد 1/300 وهو في صحيح الجامع 6565

واتە«هەرکەسێکتان بینی کاری قومەکەی «لوط»ی دەکرد (واتە نێربازی، ئەوا هەردووکیان بکوژن، ئەوەی کارەکە دەکات و ئەوەش وا کارەکەی لەسەر دەکرێ ».

وە ئەو نەخۆشی و تاعونانەی کە ئەمڕۆ لەم سەردەمەدا دەرکەوتوون و لە سەردەمانی پێشوودا نەبوون، هەمووی هۆکاری داوێن پیسیە، وەکو نەخۆشی ئایدزی کوشندە.ئەمانە هەمووی بەڵگەن لەسەر کارلەجێی شەریعەت کە ئەو جۆرە سزاو تۆڵانەی داناوە.

## چل و دووەم :

وتیان مامە پیرە بۆکوێ دەڕۆی؟
وتی دەچمە مزگەوت .
وتیان: هێشتا بانگی نەداوە ..
وتی: بانگ بۆ بێ ئاگاکانە ئەگینا مرۆڤی بەئاگا پێش ئەوەی بانگ بکرێت دەچێت بەدەم بانگی خواوە.

چل و سێییەم :

قال إسماعيل بن عبد الرحمن

الصابوني :أخبرنا أبو عبد اللّٰه الحافظ، قال سمعت أبا الحسن الكارزي يقول: سمعت علي ابن عبد العزيز يقول: سمعت أبا عبيد القاسم بن سلام يقول: «المتبع للسنة كالقابض على الجمر ،وهو اليوم عندي أفضل من ضرب السيف في سبيل اللّٰه»

أبو عبيد القاسم بن سلام رحمه اللّٰه ئەڵێت :«شوێن کەوتوی سوونەت وەک دەستگرتوو وایە بەپشکۆوە ،لەم ڕۆژەدا لای من باشترە لەجەنگان لەپێناوی اللەدا»

عقيدة السلف وأصحاب

الحديث:صـ|٧٠|

چل و چوارەم :

ابن عباس رضی اللەعنە دەفەرمووێت:

هەرکەس گوێ لە ئایەتێک بگرێت لە قورئان. ئەوا بۆی دەبێتە ڕووناکی لە ڕۆژی قیامەت دا.

(المصنف عبد الرزاق ٦٠١٢)

## چل و پێنجەم :

دوعای دایک و باوک بۆمنداڵ

إبراهیم الحربي دەلێت: دوعای دایکو باوک بۆمنداڵەکەی وەکو دوعای پێغەمبەرێکە بۆئومەتەکەی.

«الفوائد المنتخبة لابن بشكوال:٦١٤»

مجاهد دەڵێت: دوعای باوک هیچ پەردەیەک نیە ببێتە ڕێگری لەلای الله عزوجل.

«البر والصلة للمروزي :٥٠»

## چل و شەشەم :

دەسپێکی دوعا لەخۆتەوە دەست پێبکە.

ئوبەی کوڕی کعب دەلێت : پێغەمبەر ﷺ گەر دوعای بۆکەسێک بکردایە سەرەتا لەخۆیەوە دەستی پێدەکرد ڕۆژێک باسی موسی علیه السلام کرد فەرمووی :ڕەحمەتی الله لەئێمەو لەموسی بێ گەر ئارامی بگرتایە ئەوە الله تعالی هەواڵی ئەوی بۆمان باس دەکرد .
«المصنف لابن أبی شيبة :٣١١٨٧»

سعید کوڕی یسار دەلێت: لەلای ابن عمر دانیشتم باسی پیاوێکم کرد ڕەحمەتم بۆنارد ،دای بەسینگمداو فەرمووی لەخۆتەوە دەست پێبکە.
«المصنف لابن أبی شيبة:٣١١٩٠»

إبراهيم النخعي دەڵێت :دەوترا گەر دوعات کرد لەخۆتەوە دەست پێبکە چونکە نازانی کام دوعا گیرادەبێت.
«المصنف لابن أبی شيبة:٣١١٨٨»

چل و حەوتەم :

❞با بەشی ئیماندار لێت سێ شت بێت :
ئەگەر سوودت پێ نەگەیاند زیانیشی پێمەگەیەنە ،
ئەگەریش دڵت خۆش نەکرد خەفەتیشی مەیەرێ ،
ئەگەریش وەسفت نەکرد بەخراپەش باسی مەکە❝

◆یَحیی بنُ مُعاذ'رحمه اللّٰه '
◆جامع العلوم والحکم ٢/٢٨٣

چل و هەشتەم :

❞«دونیا شەڕابی شەیتانە، هەرکەسێک پێی سەرخۆش بوو ئەوا بەئاگا نایەتەوە، تەنها لەنێو کـۆمەڵی مردووان نەبێت، جا لەوێدا لەگەڵ دۆڕاوەکان پەشیمان دەبێتەوە»!❝

◆یحیی بن معاذ ' رحمه اللّٰه'
◆لطائف المعارف صـ339"

چل و نۆیەم :

| فەرمان کـردن بە سوننەت ... |

❞شێخی ئیسلام ابن تيمية ،رحـمه اللّٰه:
فەرمان کـردن بە «سوننەت» وە ڕێگری
کـردن لە «بیدعە» بریتیە لە : فەرمان کـردن بە
«چاکە» وە ڕێگری کـردن لە «خراپە» وە ئەمە باشترینی
کـردەوە چاکـەکـانە❝

◆«مـنـهـاج الـسـنـة || 253/5»'

پەنجا ییەم :

❞گەڕانەوەی شەو لای خۆشەویستانی خودا،
وەک کـراسەکـەی یوسفە بۆ چاوەکـانی
یەعقوب(علیەسلام).!❝

◆ئیمام ابن القيم'رحـمه اللّٰه'
◆بدائــع الفوائد"

پەنجا و یەکەم :

|ئەوانەی ناچنە بەهەشتەوە.!.|

❞ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ
دەفەرموێت؛ناچێتە بەهەشتەوە، ئەوەی منەتباری
دەکات،ئەوەی خراپە لەگەڵ
دایک و باوکی دەکات، و ئەوەی
هەمیشە سەرخۆشە❝

◆صحيح النسائي 5688 "

پەنجا و دووەم :

❞ابن تيمية رحمه الله دەفەرموێ :هیچ شتێکم
نەبینیوە مێشک و ڕۆح بەتوانا بکات و جەستە بپارێزێت
و بەختەوەری دەستبەسەربکات، وەك زۆرتەماشاکردن
و خوێندنەوەی کتێبەکەی پەروەردگار ❝

◆مجموع الفتاوى/٢٨-١٤٩

پەنجا و سێیەم :

❞سوفیانی ثەوری فەرمویەتی:
ئادابەکانی بەدەست هێنانی زانستی شەرعی بریتین لە :

❶بێ دەنگ بوون
❷گوێگرتن و لەبەرکردن
❸کردەوە پێکردن
❹بڵاوکردنەوەو فێرکردنی خەڵکی

◆ حلیةالاولیاء 6/362"

پەنجا و چوارەم :

❞فێری زانستی شەرعی بن
چونکە نازانن کەی پێویستان پێی دەبێت❝

◆إبن مسعود 'رضي اللّٰه عنه'
◆مجموعة رسائل إبن أبي الدنيا | ١٧/٣

پەنجا و پێنجەم :

| ئەحمەدی کوڕی حەنبەل | ڕەحمەتی خودای لێبێت :

کاتێک نەصڕانیەکی دەبینی چاوەکانی دەنوقاند!
پێیان وت سەبارەت بەم کارەی!
ئەویش فەرمووی: ناتوانم کەسێک ببینم کە بوهتان و
درۆ بەدەم اللّٰه تعالى وە ئەکا !!

🔸طبقات الحنابلة | ١/١٢

پەنجا و شەشەم :

❞لەو کاتەی خەڵی خەریکی فیتنە و بەربەرەکانێ
بوون،ئەو خەریکی بەدەستهێنانی علوم و بنیادنانی
خۆی و بەدەست هێنانی ڕەوشتە بەرزەکان بوو❝

"ئەمە خەیاڵ و دوور نییە، ئەمە ژیانی حەقیقی
عولەماکانە..!!"



پەنجا و حەوتەم :

❞شیخ صالح الفوزان |حفظه الله |
فەرموویەتی :ئەگەر ئەتەوێت خوالێت
خۆش بێت لەوانە خۆش ببە خراپەیان
لەگەڵ کردویت ،چونکە پاداشت
لە شێوەی کردەوەیە❝

◆شرح كتاب الكبائر ص106"

پەنجا و هەشتەم :

❞مەروذی ئەفەرمووێ: گوێم لێ بوو ئیمام احمد
ئەیفەرموو: «قەرز کردن سەرەتاکەی خەمەو
کۆتاییەکەی شەڕە»❝

◆الجامع لعلوم الإمام أحمد  الفقه ٢٩٩/٩|"



## پەنجا و نۆیەم :

## دەربارەی شارەزایی لە ئایینی خودا

❜عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ | رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ | قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ
﴿مَنْ يُرِدِ اللهُ بِهِ خَيْرًا، يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ﴾❜

❞ئیبنو عەبباس | ڕەزای خوای لێبێ | ئەفەرمووێت:
پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەر کەسێک خودا چاکەی
بۆی بوێ، لە ئایین شارەزای دەکات و تێی دەگەیەنێ ❝

◆أخرجه البخاري: ٧١ "

## شەستە یەم :

❞ئیمامی ئەوزاعی{ڕەحمەتی خودای لێبێت}
فەرموویەتی: هەرکەسێک شەو نوێژی دریژ بکاتەوە،
اللّٰہ تعالی وەستانی رۆژی دوایی لەسەر ئاسان دەکات❝

◆سير أعلام النبلاء ،٧/١١٩.."



شەست و یەکەم :

❞شێخ ابن عثیمین "ڕەحمەتی خودای لێبێت" دەفەرموێت ؛ئەگەر بینیت لەخۆت دا هەرچەندە زیاتر قورئان بخوێنیتەوە ئیمانت زیاتر دەبێت ئەوا بزانە ئەوەلەنیشانەکانی سەرکەوتنە❝

◆شرح ریاض الصالحین ( ٥٤٥/١) ‘

شەست و دووەم :

❞خراپترین جۆری کەرەم و بەخشندەیی ئەوەیە: بەخشندە بیت لە پێدانی چاکەکانت بۆ کەسانێکی تر بە غەیبەت کردنت ، بە قسەهێنان و بردنت ، بە جنێودانت ، بە وتە ناشیرینەکانت❝

◆شیخ الإسلام إبن تیمیة ‘رحمه اللّٰه ‘
◆مجموع الفتاوی | ٨/٤٥٤



## شەست و سێیەم :

## [ڕۆژوی فەرزا]

بۆ رۆژووی فەرز دەبێت نیەتت هەبێت بۆ بەرۆژژوبوون پێش فەجر پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

【مَن لم يُجمعِ الصِّيامَ قبلَ الفجرِ فلا صيامَ لَهُ】

❞هەرکەس پێش فەجر نیازی بەڕۆژووبوونی نەبێت ڕۆژووەکەی درووست نیە ئەو نیەت هێنانە لەهەر بەشێکی شەودا بێت دروستە، وەمەرج نیە بەدەم بوترێت چونکە نیەت بەدڵـە❝

---

الراوي: حفصة أم المؤمنين،

المحدث: الألباني المصدر: صحيح أبي داود الصفحة أو الرقم: 2454،

خلاصة حكم المحدث: صحيح.



## شەست و چوارەم :

❞أم سلمة بە مێردەکەی ووت:
پێم گەیشتووە گەر ژن مێردەکەی بمرێ و ئەهلی بەهەشت بێ ژنەکەش شوو نەکاتەوە ئەوا اللّٰه لە بەهەشت بەیەکەوە کۆیان ئەکاتەوە، جا وەرە پەیمانت پێ بدەم کە دوای من تۆ ژن نەهێنی و دوای تۆش من شوو نەکەم
مێردەکەی ووتی: گوێڕایەڵیم ئەکەی ؟
أم سلمة ووتی: بەڵێ

مێردەکەی ووتی: گەر مردم شوو بکەوە،
یا اللّٰه پیاوێک بە أم سلمة ببەخشە لە من چاکتر بێ، نە خەمباری بکات و نە ئەزیەتی بدات.❝

|ووتم: أم سلمة دوای مردنی مێردەکەی زواجی لەگەڵ پێغەمبەر صلی اللّٰه علیه وسلم کرد|

◆الطبقات الکبری لابن سعد : 88/8

شەست و پێنجەم :

❞ڕێگای بەرە و خوا چوون ، ئەو ڕێگایە کە باوکە ئادەمی تێدا ماندوو و شەکەت بوو، نوح لە پێناویدا هاواری لێ هەڵسا، ئیبراهیم پێغەمبەری لە پێناودا خرایە ناو ئاگر، ئیسماعیل ڕاکێشرا بۆ سەربرین، یوسف بەبەهایەکی کەم لەو رێیەدا فرۆشرا، چەند ساڵێکیش لە زینداندا مایەوە، زەکەریا بە مشار داهێنرا، یەحیا پێغەمبەر سەربڕا، ئەیوب چەرمەسەری و نەهامەتی چەشت، پێغەمبەرمان محمد هەژاری و چەندین ئازاری چەشت( صەڵات و سەلام لەسەر هەموو پێغەمبەرانی خوا).❝

◆الفوائد



شەست و شەشەم :

❞خوای گەورە سەیری کەسێک ناکات لە قیامەتدا کە جلەکانی درێژ بکات و لەدوای بخشێ بۆ فیز و خۆ بەگەورە زانینی بێت❝

◆أبي هريرة "رحمه اللّٰه "

◆رواه البخاري _ ٥٧٨٨ "

شەست و حەوتەم :

❞باشترین ئافرەت ئافرەتێکە ئەگەر تەماشات کرد پێی دڵخۆشبێ، وە کە فەرمانت پێکرد گوێڕایەڵت بکات، وە ئەگەر لە لای نەبووی بتپارێزێ، لە نەفسی خۆی (ئاگاداری خۆی بێ) ، وەماڵەکەت بپارێزێ و (زیادەڕۆیی نەکات لە ماڵ سەرف کردن)❝

◈پێغەمبەری خوا ﷺ

◈رواه احمد

## شەست و هەشتەم :

❞هەرکەسێك زوڵمی لە کەسێك کردووە و مافی لەسەرە ، گیانی بێت یان مادی..، با ئەمڕۆ گەردن ئازایی لێ بکات پێش ئەوەی ڕۆژێك بێت کە نە دینار و نە دیرهەم سوودی پێ ناگەیەنێت، جا ئەگەر لەو ڕۆژەدا کردەوەی چاکی هەبێت لێی دەبڕێت بە ئەندازەی مافی خاوەن مافەکە ، خۆ ئەگەریش چاکەی نەبێت لە کردەوە خراپەکانی کابرای خاوەن ماف هەڵدەگیرێت و دەدرێت بە کۆڵ ستەمکارەکەدا.❝

◆پێغەمبەری خودا ﷺ

◆صحيح البخاري

شەست و نۆیەم :

#ئەرکانەکانی_ئیسلام

عَن ابْنِ عُمَرَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ صلى اللّٰه عليه وسلم [بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ] رواه البخاري ٨.

واتە: ((ئیسلام بنیاتنراوە لە سەر پێنج شت: شایەتومان هێنان بە وتنی{لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ ، مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللّٰهِ}، نوێژکردن ، زەکات دان ، حەج کردن ، بەڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان)).

دەبێ باوەڕیت بە هەموو ئەمانە هەبێت وبێ گومان بیت لێیان، چونکە ئەگەر کەسێك باوەڕی نەبێ یان گومانی هەبێ لە یەکێك لە ئەڕکانەکانی ئیسلام ئەوا ئەو کەسە لە ئیسلام دەچێتە دەرەوە.

حەفتا ییەم :

#بڵاوکردنەوەی_سەلام

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم [لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ] رواه مسلم ٥٤.

واتە: ((ناچنە بەهەشتەوە تاوەکو ئیمان نەهێنن ، وە ئیمان ناهێنن تاوەکو یەکتریتان خۆش نەوێ ، ئایا شتێکتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەکتریتان خۆش بوێت؟ سەلام بڵاو بکەنەوە - سەلام لە یەکتری بکەن)).

سەلام کردنیش هەر ئەوە نی یە کە تەنها ئەوەی دەیناسی سەلامی لێبکەی بەڵکو دەبێ سەلام بکەی لەو کەسەی کە دە یناسی و لەو کەسەش کە نایناسی.

## حەفتا و یەکەم :

#کێ_تامی_ئیمان_دەچێژێ

عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ رضي اللّٰه عنه أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللّٰهِ صلى اللّٰه عليه وسلم يَقُولُ: «ذَاقَ طَعْمَ الإِيمَانِ، مَنْ رَضِيَ بِاللّٰه رَبًّا، وَبِالإِسْلامَ دِيناً، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً». رواه مسلم ٣٤.

واتا:((تامی ئیمانی چەشتووە ئەوکەسەی کەڕازی بێت اللّٰه پەروەردگاری بێت، وەئیسلام دینی بێت، وە موحەممەدیش (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێغەمبەری بێت))

## حەفتا و دووەم :

🔶لەبارەی ( سیواک) ەوە

پێغەمبەری خوا ﷺ : دەفەرموێ:
«السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ»

واتە؛سیواك پاك کەرەوەی دەمە، ومایەی ڕەزامەندی پەروەردگاریشە .

حەفتا و سێیەم :

#چۆن_دەبیت_بە_ئیمانداریکی_تەواو

عَنْ أَنَسٍ عَنْ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)) رواه البخاري ١٣.

واتە: ((ئیمانی هیچ یەکێك لە ئێوە تەواو نابێت تاوەکو چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ براکەشی پێ ی خۆش بێ)).

لە تەواوی باوەڕو ئەو خەصڵەتانەی پێویستە لە کەسی موسڵمان بێتە جێ ئەوەیە، لە خێر و چاکە چی بۆ خۆی پێ خۆشە ئەوەشی بۆ براکەی پێ خۆش بێت، هەروەها ئەوەی بۆخۆیشی ڕقی لێ دەبێتەوە بە هەمان شێوە. هەر کەسێ ئەم خەصلەتە لەدەستبدات و فەرامۆشی بکات بەرەو کزی باوەڕی دەبات.

حەفتا و چوارەم :

سەلەف دەفەرموون:

زۆرترینی ئەو خەڵکەی کە تاوان دەکەن ئەوانەن کە زۆر باسی تاوانی خەڵک دەکەن.

📚 المجالسة وجواهر العلم 6 / 86

## حەفتا و پێنجەم :

#چ شتێك زۆر چاکە لە ئیسلامدا

عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللّٰهِ صلى اللّٰه عليه وسلم أَيُّ الْإِسْلَامِ خَيْرٌ قَالَ ((تُطْعِمُ الطَّعَامَ وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ )) رواه البخاري ٢٨.

واتە: عبداللّٰه ی کوڕی عمرو دەڵێ پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا کرد صلى اللّٰه عليه وسلم چ شتێك زۆر چاکە لە ئیسلام دا,ئەویش فەرمووی ((خواردن بدەی بە هەژاران و سەلام بکەی لەو کەسەی کە دەیناسی و ئەوەیشی کە نایناسی)).

## حەفتا و شەشەم :

#فەرمان کردن بە هێشتنەوەی ڕیش

عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ صلى اللّٰه عليه وسلم:((خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ أَحْفُوا الشَّوَارِبَ، وَأَوْفُوا اللِّحَى)) رواه مسلم ٢٥٩.

واتە: ((پێچەوانەی موشریکەکان بکەن سمێڵتان کورت بکەنەوە وە ڕیشتان بهێڵنەوە)).

وە هەر چوار مەزهەبەکە کۆکن لەسەر ئەوەی کەڕیش تاشین حەڕامە.

## حەفتا و حەوتەم :

(پاداشتی دروستکردنی مزگەوت)

عَنْ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَقُولُ ((مَنْ بَنَى مَسْجِدًا للَّهِ بَنَى اللَّهُ لَهُ فِي الْجَنَّةِ مِثْلَهُ)) رواه مسلم ٥٣٣.

واتە: ((هەر کەسێك مزگەوتێك دروست بکات بۆ خوا ئەوا خوای گەورە شتێکی هاوشێوەی ئەوی بۆ دروست دەکات لە بەهەشت دا)).

## حەفتا و هەشتەم :

(گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و سەرکردەکان)

عَنِ ابْنِ عُمَرَ، عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم أَنَّهُ قَالَ ((عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ، إِلَّا أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ)) رواه مسلم ١٨٣٩.

واتە: ((پێویستە کەسی موسڵمان گوێڕایەڵی سەرکردەکەی بێت لەوەی پێی خۆشە وە لەوەشی کە پێی ناخۆشە, تەنها ئەگەر فەرمانی کرد بە خراپە, ئەگەر فەرمانی کرد بە خراپە ئەوا گوێڕایەڵی و ملکەچی ناکەی)).

## حەفتا و نۆیەم :

سفیانی ثّەوريّ رحمه اللّٰه دەفەرمێت :-

•چومە خزمەتی جەعفەری کوڕی محەمەد ی کوڕی علی کوڕی ابوتاليب،رحمه اللّٰه

•پێی فەرمووم:-ئەگەر الله سبحانەوتعالی نيعمەتێکی بەسەرا ڕژاندی سوپاس و ستايشی اللّٰه ی لەسەر بکە

•وەئەگەر ڕزقێکت دواکەوت زۆر استغفرالله بکە

•هەرکارێکيشت لێ عاسی بو و نارەحەتی ڕوی تێکردی بڵێ: لا حول ولا قوَّة إلَّا باللّٰه

•پاشان پێی ووتم ئەی سوفيان ئەمانە سێ گەوهەرن ئەی سوفيان دەستی پێوە بگرە وێنەيان نيە..

( بهجة المجالس (صـ١٩٩) )



## هەشتاییەم :

ئەو کەسانەی دوعا و پاڕانەوەیان ڕەتناکرێتەوە. کێن.؟؟

لە ئەبو هورەیرەوە رضی الله عنه دەفەرموێت، لە پێغەمبەری خواوەﷺ فەرموویەتی ؛ سێ جۆرە کەس هەن، هیچ گومانی تێدا نییە کە دوعا و پاڕانەوەیان رەتناکرێتەوە و وەردەگیرێن، کەسی زوڵم لێکراو ، سەرکردەیەکی دادپەروەر. وە ئەو کەسەش کە زیکر و یادی خوای گەورە زۆر دەکات،

*أخرجه البزار في مسنده(٨٧٥١)

## هەشتا و یەکەم :

زۆرترین نزای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمە بوو

(يا مقلِّبَ القلوبِ ثَبِّتْ قلبِي على دينِك)
واتا: پەروردگارا ئەی وەرگێڕی دڵەکان دڵم لەسەر دینەکەت جێگیربکە.

## هەشتا و دووەم :

یەکێک لە پیاوچاکان دەڵێت :

"هیچ دوعایەکم نەکردوە لە نێوانی عەسر و مەغریبی ڕۆژی جومعەدا ئیلا خوای گەورە لێی قەبوڵ کردووم هەتا وای لێهاتووە شەرمم کردوە "

## هەشتا و سێیەم :

ئیبن عەبباس (ڕەزای خودای لێبێت) دەفەرموێت:

چاکەکردن ڕووناکاییە بۆ دڵ و دەروون، درەوشانەوەیە بۆ ڕوخسار، هێزە بۆ لاشە، بەرەکەتە بۆ ڕزق و ڕۆزیی، خۆشەویستییە بۆ دڵی دروستکراوەکان.
خراپە، تاریکییە بۆ دەروون، ڕەشداگیرانی ڕوخسارە، لاوازیی لاشەیە، مایەی هەژارییە، ڕقلێبوونەوەیە بۆ دڵی دروستکراوەکان.

## هەشتا و چوارەم :

ئەبو بەکری سدیق کاتێك کە یەکێك مەدحی ئەکرد ئەیفەرموو
( اللَّهُمَّ لاَ تُؤَاخِذْنِي بِمَا يَقُولُونَ، وَاغْفِرْ لِي مَا لا يَعْلَمُونَ واجعلني خيراً مما يظنون )
خوایە گیان ئەوەی لەبارەی منەوە ئەیڵێن لێمی مەگرە ، وە لێم خۆشبە لەو گوناهانەم کە ئەوان نایزانن ، وە بمکە بە کەسێك باشتر لەوەی کە گومانم پێ ئەبەن

## هەشتا و پێنجەم :

پێغەمبەری خوا[ ﷺ ] فەرموویەتی :

کاتێك ئادەمیزاد دەمرێ هەموو کردەوەیەکی کۆتایی دێ ئەم سێ شتە نەبێت

① خێرێکی نەبڕاوە.

② زانستێك سوودی لێ وەربگیرێت.

③ منداڵێکی چاك دوعای بۆ بکات.

(رواه مسلم)

## هەشتا و شەشەم :

پیاوێک بە سوفیانی ثەوری وت :

ئامۆژگاریم بکە

فەرمووی : ئەمە زەمانی بێدەنگی و مانەوەیە لە ماڵ و تێکەڵ نەبوونە لەگەڵ خەڵکی.

العزلة لابن أبي الدنيا ٩٧



## هەشتا و حەوتەم :

قَالَ رَسُوْلُ اللّٰهِ ﷺ

(مَنْ سَتَرَ عَوْرَةَ أَخِيْهِ الْمُسْلِمِ، سَتَرَ اللّٰهُ عَوْرَتَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ كَشَفَ عَوْرَةَ أَخِيهِ الْمُسْلِمِ، كَشَفَ اللّٰهُ عَوْرَتَهُ حَتَّى يَفْضَحَهُ بِهَا فِي بَيْتِهِ)

واتە :- هەر کەسێك عەیبی برای مسوڵمانی داپۆشێ، خوا لە ڕۆژی قیامەت عەیبی دادەپۆشێ، وە هەر کەسێکیش عەیبی برای مسوڵمانی خۆی ئاشکرا بکات (بۆ خەڵکی) خوا عەیبی ئاشکرا دەکات، هەتا ئابڕووی دەبات ئەگەر لە نێوماڵەکەی خۆشیدا بێ

## هەشتا و هەشتەم :

پێغەمبەری خوا[ﷺ]فەرموویەتی :

هیچ کەسانێک دانانیشن لە شوێنێکدا یادی خوای گەورە بکەن ئیللا بانگکەرێك لە ئاسمانەوە بانگیان دەکات و پێیان دەڵێت : هەستن خوای گەورە لێتان خۆش بووە .

| صحیح الجامع 5609 |

## هەشتا و نۆیەم :

کەفارەتی تاوانە بچوکەکان !؟

❞ عن أبي هريرة رضي اللّٰه عنه عن رسول اللّٰه صلى اللّٰه عليه وسلم قال: (الصلوات الخمس، والجمعة إلى الجمعة، ورمضان إلى رمضان مُكَفِّراتٌ لما بينهنَّ إذا اجتُنبَت الكبائر)
رواه مسلم.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پێنج نوێژە فەڕزەکە و، هەینی بۆ هەینی و، ڕەمەزان بۆ رەمەزان، هەموویان دەبنە هۆی سڕینەوەی تاوان وگوناهەکانی نێوانیان، ئەگەر هاتوو مرۆڤی مسوڵمان خۆی بەدوور گرت لە تاوانە گەورەکان.❝

## نەوەتەییەم :

پێغەمبەری خوا {ﷺ} فەرموویەتی :

هەر کەسێك بۆشاییەك پڕ بکاتەوە ( بۆشایی نێوان نوێژ خوێنان ) ، خوای گەورە ماڵێکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشتدا ، وە پلەیەکیش بەرزی دەکاتەوە بەهۆیەوە

السلسلة الصحيحة ( 1892)

## نەوەت و یەکەم :

پێشەوا ابن قیم ـ ڕەحمەتی خودای گەورەی لێبێت ـ
دەفەرموێت :ـ

بەردەوامی زیکر کردن لەڕێگا ، وەلەماڵ ، وەلەشار و لەگەشت و لە پارچە شوێنێک دا ، شایەتی دانی زۆرە بۆ بەندە لەڕۆژی قیامەت ، لەبەرئەوەی پارچەشوێن و ماڵ و چیاو زەوی ، شایەتی دەدەن بۆ ئەوکەسەی زیکر دەکات لەڕۆژی قیامەت.

الوابل الصيب (٨١)

## نەوەت و دووەم :

مەهێڵن غەیبەتی موسڵمانان بکرێت لەلاتان

عَنْ أَنَسِ بن مَالِكٍ (رضى اللهعنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللّٰهِ ( ﷺ ) :
((مَنْ نَصَرَ أَخَاهُ بِظَهْرِ الْغَيْبِ نَصَرَهُ اللّٰهُ فِى الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ))

واتە : هەرکەسێك برای موسڵمانی سەربخات و بەرگری لێبکات لە کاتێکدا کە خۆی دیار نییە ئەوا خوا سەری دەخات و بەرگری لێ دەکات لە دونیا و قیامەتدا .

صحيح الـجامع الصغير رقم : (6574) وسلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (1217)

## نەوەت و سێیەم :

قال التابعي مطرف بن عبد اللهٰ:

❞جليس الصالح خير من الوحدة والوحدة خير من جليس السوء❝

تابعی مطرف ـی کوڕی عبد اللهٰ فەرموویەتی:

❞دانیشتن لەگەڵ هاوڕێی باش باشترە لە تەنیایی وە تەنیایی باشترە لە دانیشتن لەگەڵ کەسی خراپ❝

الزهد لأحمد

## نەوەت و چوارەم :

أبو حاتم -رحمه اللهٰ-

: باشترین براکانت ئەوانەن کە زۆر زۆر ئامۆژگاریت دەکەن .

[ روضة العقلاء (صـ : ١٩٥) ]

## نەوەت و پێنجەم :

◈زیکری هەڵوەرێنەری تاوان و گوناهـ ..

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ :

هەر کەسێک لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێ ؛ (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ) ئەوە گوناهەکانی لێ هەڵدەوەرێنرێ و دەسڕدرێنەوە، ئەگەربە ئەندازەی کەفی دەریاش بن. ( رَوَاهُ الْبُخَارِيّ )

نەوەت و شەشەم :

هەرکات دڵت توندبوو بە گوناهێکت بیرت بێت کە تۆ لە
خۆشەویستانی پەروەردگاری!!
چونکە دڵ توندبوون واتە داوای تەوبە و پەشیمانی ئەکات لەخودا
وە پەروەردگاریش تەوبەکارانی خۆش دەوێت

" إِنَّ اللّٰهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ "

نەوەت و حەوتەم :

ئامۆژگاری کردن وەك قوڕێك وایە
کە بیدەی لە دیوارێك
گەر جێگەی خۆشی نەگرێت ئاسەوارێك هەر بەجێ
دەهێڵێت."ئیمامی شافعی "

نەوەت و هەشتەم :

پێشەوای مرۆڤایەتی( ﷺ ) فەرمویەتی:
هەرکەسێ بەیانیان و ئێواران سێ جار ئەم زیکرە بخوێنێ
ئەوە من خۆم دەستی ئەگرموو ئەیبەمە بەهەشت..

رَضِيتُ بِاللّٰهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ
وَسَلَّمَ نَبِيًّا { ﷺ }



## نەوەت و نۆیەم :

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

((وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْصَّدَقَةِ، دُعِي مِنْ بَابِ الْصَّدَقَةِ)) رواه الْبُخَارِيّ

هەر کەسێك لە ئەهلی خێرو صەدەقە بێت، ئەوا لە دەرگایەك لە دەرگاکانی بەهەشتەوە بانگ دەکرێت بۆ ناو بەهەشت کەناوی ئەو دەرگایە ( الْصَّدَقَةِ ) .

## سەدهەمین :

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ :

هەر کەسێ ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتییەکانی دونیا لەسەر ئیمانداریێك هەڵگرێ ( لابدات ) ، خوا ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتییەکانی قیامەتی لەسەر هەڵدەگرێت.



خوێنەری بەڕێز داواکارم لێت دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بیدەی بە هاوڕێ و ناسیاوەکانت و بڵاوی بکەیتەوە تاوەکو زۆرترین کەس سود ببینن و ببێتە خێری نەبڕاوە والله اعلم، وصلى الله على محمد وآله وصحبه وسلم.

کۆتایی...

**پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێ:**

**”فریشتەی سەر شانی چەپ بۆ ماوەی شەش سەعات قەڵەمەکەی هەڵدەگرێ و دەوەستێ لەسەر بەندەی هەڵەکار، ئەگەر پەشیمان بووەوە و داوای لێخۆشبوونی لە خوا کرد لەسەر تاوانەکەی ئەوا فریشتەکە لەسەری نانوسێت و فڕەی دەدا ، وە ئەگەر بەندە وای نەکرد ئەوا یەک تاوانی بۆ دەنوسرێ“**